

# بیست میلۆن دۆلار بۆ یەک فیلم

کچە ئەستێرەی بەناوبانگی هۆڵیۆد ریز ویزەرسپۆن بە خاوەنی گرانترین کرێ دادەنرێت لەنێو ئەکتەرە ئافرەتەکانی هۆڵیۆد، چونکە داوای بڕی ١٥-٢٠ ملیۆن دۆلار دەکات بۆ بەشداری کردنی لە یەك فیلمدا، هەرچەندە دوایین فیلمی کە بەناوی (Rendition) بوو سەرکەوتنێکی بەرچاو و چاوەڕوانکراوی بەدەست نەهێنا.

ئەنجلینا جۆلی تەمەن٣٢ ساڵ و چالاك لە بوارەکانی مافی مرۆڤ بە پلەی دووەم هات، هەرچەندە دوایین فیلمی کە بەناوی (Beowulf) بوو داهاتەکەی تەنیا ٨ ملیۆن دۆلار بوو ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وێنەگرتنی فیلمەکە تەنیا پێنج هەفتەی خایاند، لە پلەی سێیەم کامیرۆن دیاز هات کە کرێی بەشداری کردنی لە یەك فیلم لە ١٥ ملیۆن دۆلار کەمتر نییە و نیکۆڵ کیدمانیش کە لە چەند ساڵی رابردوودا لە پلەی یەکەم بوو، ئەم ساڵ بە پلەی چوارەم هات و کرێی بەشداری کردنی لە یەك فیلمدا لە نێوان ١٠-١٥ ملیۆن دۆلارە، کەچی جۆلیا رۆبیرتس بە هۆی سەرقاڵ بوونی بە خێزان و منداڵەکانییەوزە ئەویش لە خانەی ئەو ئەکتەرانە دێت کە کرێی بەشداری کردنی لە یەك فیلمدا لە نێوان١٠-١٥ ملیۆن دۆلارەوە دێت و پێشبینیش دەکرێت کە بەشداری بکات لە فیلمێکی نوێ بەناوی (Charlie wilsons war) . ئەکتەرە پیاوەکانیش براد بێت و لیۆناردۆ دیکاپریۆ هەیەکیان بڕی ٢٠ ملیۆن دۆلار وەردەگرن لە یەك فیلمدا ئەمە جگە لە ٪٢٠ی قازانجی فرۆشتنی فیلمەکە، سەرەڕای ئەمەش بە پێچەوانەی ساڵانی رابردوو ئێستا ئەکتەرە ئافرەتەکان کرێ و داهاتی ساڵانەیان زۆر زیاترە لە پیاوەکان.

شایەنی گوتنە داهاتی کامیرۆن دیاز گەیشتە نزیکەی ٣٠ ملیۆن دۆلار لە دوایین فیلمی (Shrek ٣) کە تەنیا بە دەنگ بەشداریی تێدا دەکات.

**داهاتی کامیرۆن دیاز گەیشتە نزیکەی ٣٠ ملیۆن دۆلار لە دوایین فیلمی (Shrek ٣) کە تەنیا بە دەنگ بەشداریی تێدا دەکات**





## خانمە ئەکتەری بەناوبانگی هیندستان سردیڤی کاپور:

# ئەو فیلمانە رەت دەکەمەوە کە پشت بە وروژاندن دەبەستن

■ سردیڤی کاپور یەکێکە لە ئەستێرە بەناوبانگەکانی بۆڵیۆد و نەك تەنیا لە هیندستان بەڵکو لە سەرتاسەری جیهانیش خاوەن جەماوەرێکی زۆری هونەرییە، لەم دیمانەیەدا سردیڤی کاپور باس لە چەند لایەنێکی ژیانی هونەری و تایبەتی خۆی دەکات. ■

*** زەحمەتترین دیمەنی وروژاندنی چ بوو کە تۆ پێشکەشت کردووە؟**

- لە ڕاستیدا من زۆر ڕقم لە دیمەنی وروژاندن و سەرنجڕاکێشە و، زۆریش هەست بە ناڕەحەتی دەکەم کە داوای کارێکی لەم جۆرەم لێدەکرێت، بۆ زانیاریتان من تا ئێستا ئەو ڕۆڵانەم نەبینیوە و ئەو فیلمانەش ڕەت دەکەمەوە کە پشت بە وروژاندن دەبەستێت.

***باسی یەکەم فیلمی خۆت بکە؟**

- من منداڵێکی بچووك بووم، لەبیرمە شوێنی وێنەگرتنی فیلمەکە گوندێکی بچووك بوو، خانەوادەکەشم ئەو کات زۆر شانازییان بە منەوە دەکرد.

*** لە تەمەنی ١٠ ساڵیدا تۆ منداڵێکی چۆن بووی؟**

- من هەر لە منداڵییەوە و تا ئێستا ( بەتایبەتی لە تەمەنی هەرزەکاریدا ) حەز دەکەم لە دەرەوە نان بخۆم، بەڵام ئێستا کاتی ئەوەم نییە، هەروەها زۆر شەرم دەکەم لەبەردەم خەڵك نان بخۆم و نازانم چۆن ڕەفتار لەگەڵ خەڵك بکەم کاتێك دێن سڵاوم لێدەکەن، زۆریش حەز لە خواردنی تایلەندی و چینی دەکەم لە دوای خواردنی هیندی.

*** زیاتر حەز لە چ خواردنێك دەکەی؟**

- برنج بە هەموو شێوەکانی .

*** هیچ تاموچێژێك لە خوێندنەوە وەردەگری ؟**

- بەڕاستی حەز ناکەم لاپەڕەی گۆڤارەکان هەڵدەمەوە و ئەوەندەش ئارامم نییە کتێبێك بخوێنمەوە بەتایبەتی کتێبە ئەستورەکان، بۆ نموونە من بۆ ئەوەی فیلمێك بەتەواوی ببینم پێویستم بە دە ڕۆژ هەیە، هەرچەندە زۆریش حەز لە سەیرکردنی فیلم دەکەم بەتایبەتی فیلمەکانی خۆم، چونکە من لە تەمەنی ١٠ ساڵیدا هاتوومەتە نێو بواری هونەرییەوە.

*** دوای ئەم هەموو ساڵە لەنێو بواری هونەردا ئایا توانای ئەوەت هەیە بچیتە سوپەر مارکێت و کەلوپەل بکڕی؟**

- لە مەدراس زۆر زەحمەتە من بە هیچ شێوەیەك ناتوانم بچم بۆ بازاڕ، بەڵام لە مۆمبای تا ڕادەیەك باشترە، جارێکیان چووم بۆ سوپەر مارکێتێکی نزیك ماڵی خۆم بۆ کڕینی سابون و فڵچەی ددان، بەڵام ئەوەندە بە خێرایی هاتمە دەرەوە بەجۆرێك کەس نەیتوانی بمناسی، هەروەها کاتێك دەچمە دەرەوەی هیندستان حەز ناکەم لە شوێنە بەناوبانگەکانی وەك هارۆدزو سلفرج کەلوپەل بکڕم، بەڵام ئەگەر خۆم ئاشکرا نەکەم ئەوا بە ئاسانی دەتوانم کەلوپەل بکڕم ئەو کاتەش هەست بەوە ناکەم کە من بەناوبانگم و خەڵك دەمناسێت.

*** ئایا تووشی هیچ گیروگرفتی دارایی بوویتەوە؟**

- نەخێر باوەڕ ناکەم تووشی ئەم گرفتانە ببم.

*** گرانترین شت کە کڕیوتە چی بووە ؟**

- دایکم زۆر جار شتم بۆ دەکڕێت، بەڵام وابزانم ئەو خانووەی لە مەدراس کڕیمان گرانترین شتە کە کڕیومە.

*** ئایا نرخی کەلوپەلەکانی بازاڕ هیچیان دەزانی؟**

- نەخێر بە هیچ شێوەیەك ئەم شتانە نازانم.

*** لە ژووری چێشتخانەی تۆ بەردەوام چی هەیە ؟**

- ئایس کرێم و فانیلا.

*** ئەی لە چێشت لێنان چۆنی؟**

- من زۆر شارەزای چێشتخانە و چێشت لێنان نیم تەنیا لە برژاندنی مریشك نەبێت کە تامێکی زۆر خۆشی هەیە.

*** ئایا پێت وایە نزیکترین ڕێگا بۆ دڵی پیاو گەدەیە؟**

- زۆر حەز دەکەم ئەم قسەیە ڕاست نەبێت، چونکە من لە خواردن زۆر شارەزا نیم و، ئەگەر هاوسەرەکەم بە خواردنی منی خۆش بوێت، ئەمە گرفتێکی گەورەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆشم دەوێت گرنگی بە خواردنیشی دەدەم.

*** ئەی دەربارەی ڕۆمانسیەت چی دەڵێ ؟**

- بیر لەو کەسە دەکەمەوە کە خۆشم دەوێت.

*** ئافرەت چۆن دەزانی کە کەوتۆتە داوی خۆشەویستییەوە ؟**

- ئافرەت خۆی بەر لە هەموو کەسێك ئەمە دەزانێت و هەستی پێدەکات.

*** پیاو پێویستە چۆن بێت و چی بکات بۆ ئەوەی تۆ ڕازی بکات؟**

- پێویستە سیمای تا ڕادەیەك جوان و باڵای بەرز بێت و تەنیا منی زۆر خۆش بوێت.





# زانا جەبەلی:
# پێویستە پەیوەندی هونەری بە گوڕوتین لە نێوان هونەرمەندان‌دا هەبێت

■ لە هەر هەوڵدانێکی سەرەتایی کاری هونەریدا دەکرێت مرۆڤ بە بەرهەمێکی بەهێزەوە بێتە مەیدان، هونەرمەندی گۆرانیبێژ و موزیکژەن زانا جەبەلی لەو ماوە کەمەی کارکردنیدا توانی ئەم کارە ئەنجام بدات.
بۆ لە نزیکەوە ئاشنابوون بە بۆچونەکانی دەربارەی بەخشینی ئاواز و هۆنراوەکانی بە هونەرمەندانی ترو شیوازی تایبەتی هونەری خۆی ئەم گفتوگۆیەی خوارەوەمان لەگەڵ ئەنجامدا. ■

دیمانە: نیاز عەبدوڵڵا
فۆتۆ: کەمال ئاکرەیی

*** تۆ لە یەکەم ئەلبومی گۆرانیت بە ناوی (تویال بیرا من) دەرفەتی ئەوەت بۆ ڕەخسا بناسرێیت، هۆکاری سەرکەوتنی ئەم ئەلبومەت بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- هەرکەسێك ژیان بەلایەوە زەحمەت نەبێت و بڕوای بەکار و کردەوەی خۆی هەبێت، ناسران بەلایەوە کێشە نییە و گرنگ ئەوەیە ئامانجی کەسەکە چییە و پەیامەکەی تا چەند ئەرێنییە بۆ کۆمەڵگا.

هەموو کارێکی سەرکەوتوو هەقی خۆیەتی بناسرێت، گرنگە تۆ ئەلبومێکی هونەری بکەیت گوێگر هەست نەکات کەئەمە یەکەمین کاری تۆیە. هونەرمەندان زۆر بە کەمی بەرهەمی خۆیان هەڵدەسەنگێنن بگرە هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکەی خۆیان دەدەن بە گوێگرانیان حوکمی لەسەر بدەن، بۆیە من دەمەوێت خۆم حوکم لەسەر بەرهەمەکانی خۆم بدەم، چونکە زۆرجار بەرهەمێکی جوان و پوختی هونەری بە حەز و ئارەزوو هەڵدەسەنگێندرێت و هەقی خۆی پێنادرێت ئەمەش بەبێ ئەوەی هیچ شارەزاییەکیان لە هونەر و گۆرانی و مۆسیقادا هەبێت.

پێویستە هونەرمەند کاری باش و خراپی پیشانی کۆمەڵ بدات نەك بە پێچەوانەوە، چونکە ناکرێت هەموومان هونەرمەندبین.

هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەم ئەلبومە دەگەڕێتەوە بۆ مۆسیقایەکی خاوێن و نەبیستراو و بابەتی جوانی گۆرانییەکان و ڕاستگۆیی لە کارکردندا. بابەتی گۆرانییەکانی ئەم ئەلبومە ئەو بابەتانەبوون کە زۆر نزیك بوون لە خەڵکەوە، بوونی هەستێکی جوان لە دەنگمدا و خۆماندوو کردن و شەونخونی و هەوڵدان بۆ ڕەچاوکردنی هارمۆنی و ڕێککردنی هێڵەکانی کەمان و ئامێرەکانی تر و ئەنجامدانی کلیپ و ئەنجامدانی چەندین دیدار و ڕاپۆرتی هونەری و هەوڵی برادەرانی ڕاگەیاندن و ئەو ڕێز و حورمەتەی کە من هەمبوو بۆ گوێگران و مرۆڤایەتی بە گشتی دەکری ئەمانە هۆکارەکانی سەرکەوتنی بەرهەمەکەم بن .

*** تۆ لە زۆربەی گۆرانییەکانت بە شێوەیەکی تاك لایەنانە کار دەکەیت بەو مانایەی کە ئاواز و هۆنراوەی گۆرانییەکان هی خۆتن، هۆکاری ئەم شێوازی کارکردنت بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- کارکردن لە چەندین بواردا بە سەرکەوتوویی جێگای دەست خۆشی لێکردنە، من زۆربەی ئاواز و هۆنراوەکانی گۆرانیەکانم هی خۆمن ئەمەش مانای ئەوە نییە کە من نامەوی بەرهەمی کەسانی تر بڵێمەوە، کەسێك ئاوازێك یاخود شیعرێکی جوانم پێشکەش بکات جوانترین دیارییە بەلامەوە و نازانم چۆن پاداشتی بدەمەوە.

بەداخەوە دەڵێم کەسی بەهرەمەند لەم وڵاتە دەبێت خۆی کارە هونەرییەکانی خۆی ئەنجام بدات، چونکە ئێمە فێرنەبووین خزمەتی کەسێکی هونەرمەند بکەین بەڵکو تەنیا خزمەت بەو هونەرمەندانە دەکەین کە خۆیان ناسراون و دروست بوون.

گرنگ ئەوەیە تۆ بتوانی بە شیعر و ئاوازەکانت کەسێکی نەناسراو بکەی بە هونەرمەندێکی ناسراو، بۆیە منیش لە ئەنجامدانی یەکەم ئەلبومم دا زۆربەی ئەرکەکان خۆم بە ئەنجامم گەیاند، سوپاس بۆ خواش کە دەست خۆشیەکی زۆرم لی کرا وە زۆر سوپاس بۆ هەموو هاوکارییەکم، هەرچەندە زۆر بڕوام بەوە نییە کەسێك بتوانێت لە چەندین بواردا کاربکات و لە هەمووشیان سەرکەوتووبێت بەڵام کاتێك ناخ گۆرانی وتنی ویست ئەرکەکانی خۆیان ڕادەپەڕن.

کۆمەڵە هونەرمەندێکی خۆشەویست بەڵێنی کارکردنیان لەگەڵ داوم و دەمەوی لەم خودبونە دەربچم و بەرهەمی ئەم جارەم هەمەرەنگ بێت، نەبوونی هۆنراوەی کرمانجی و ئەو هۆنراوانەی کە من دەمویست وای کرد کە زۆربەی هۆنراوەکان هی خۆم بن.

*** تاچەند گرنگە گۆرانیبێژ ئاواز و هۆنراوە لە کەسانی شاعیر و موزیك ژەنانی تر وەربگرێت و لە چوارچێوەی ئەو خودبوونە بێتە دەرەوە؟**

- کاری هونەری بە کۆمەڵە، تا زۆرترین کەس بەشداری تێدا بکەن بەرێکوپێککردن و دەوڵەمەندکردنی بەرهەمەکە کۆتایی پێدێت و بەرهەمی هونەری جوانتر دەبێت، بەتایبەت ئەگەر جۆرێك لە مەقام و ریتم و شێواز و هەستی تێدابێت.

بۆ نموونە ئەگەر بەرهەمەکانی کەسێك چاکتربوون لەبەرهەمەکانی کەسێکی تر واباشترە بەرهەمە چاکترەکە زیاتر وەربگرێت بەڵام ئەو بەرهەمەی کە گۆرانی بێژەکە خۆی دروستی دەکات زیاتر دەتوانێت بیلێت و زیاتر بەهەستەوە بیچڕێت، چونکە دەربڕی هەستی خۆیەتی بە تایبەتی ئەگەر بەرهەمەکە لە ئەنجامی ڕووداوێکەوە دروست بووبێت، گرنگ ئەوەیە بەرهەمەکە شایەنی گوێگرتن بێت جا هی من بێت هی تۆبێت ئەوە گرنگ نییە.

*** دانی ئاواز یاخود هۆنراوە بە هونەرمەندانی تر کار لە دوورکەوتنەوەی تۆ ناکات بەوەی بەدەنگ و سەدای خۆت درەنگتر گۆرانی بڵێیت؟**

- بێگومان کاریگەری بەسەر دواکەوتنی ئەوەوە دەبێت کە درەنگتر ئەلبومێك دروست بکەم بەڵام من هەموو کات بڕوام بەوە هەیە کە دەبێت پەیوەندی بەگڕوتین لە نێوان هونەرمەنداندا هەبێت، پێویستە ئەوەش لە نزیکەوە بێت بۆئەوەی بتوانین سوود لە ئەزموون و زانیاری یەکتری وەربگرین و گفتوگۆ لەسەر بابەتە هونەرییەکان بکەین.

بۆیە کاتێك ئەم پەیوەندییە لە نێوان من و هونەرمەندانی تردا دروست دەبێت پەیوەندییەکە وادەکات لە بەرهەمهێنانی ئەلبومەکانیشدا هاوکاری یەکتری بکەین، ئەو هونەرمەندانەی کە تاوەکو ئێستا بەرهەمەکانی خۆم داونەتی زۆربەیان هاوڕێمن و هەر ئەو هاوڕێیەتییەش وای کردووە کە هاوکاریان بکەم، بێگومان هەر هەموشیان هونەرمەندی بە توانان.

ئاڵو گۆڕکردنی ئەم بەرهەمانە لە نێوان هونەرمەنداندا هەر دەبێت ئەگەرچی کاریگەریشی هەبێت لەسەر دواکەوتنی بەرهەمی خۆم بەڵام مەسەلەیەك هەیە دەڵێت فێرکەران فێرمەکە کە فێریانت کرد لە بیریان مەکە، زۆرجاریش کاتێك بەرهەمێکی هونەری دەبەخشم لەلایەنی ماددیەوە سوود وەردەگرم.

*** هیچ کاتێك ڕێککەوتووە کە ئاوازێك یان هۆنراوەیەکت بە کەسێکی تر بەخشیبێت و دوایی حەزت کردبێت خۆت بیبیڵێیت؟**

- هەر ئاواز دانەرێك و شاعیرێك کارێکی جوانی هەبێت حەزدەکات بیدات بە کەسێکی بە توانا لەبواری گۆرانی وتندا، تاوەکو بەرهەمەکەی بە باشی بگات و هەقی خۆی پی بدرێت ولە بەرژەوەندی هەردوولادا بێت.

منیش ئەگەر کەسێك، هونەرمەندێکی سەرکەوتوو و بەتوانا نەبێت ئامادەنیم بەرهەمی پی ببەخشم هەروەها ئەگەر گۆرانیبێژێك شێوازی لەگەڵ شێوازی وتنەوەی بەرهەمەکانی من جیاوازبێت واباشترە ئەو گۆرانیبێژە لەسەر شێوازەکەی خۆی بەرهەم بدۆزێتەوە.

*** شارەزابوون لەسەر ئامێرە مۆسیقییەکان تا چەند گرنگە بۆئەوەی تۆ پێشتر بزانیت دەنگت بۆچ جۆرە شێوازێکی گۆرانی وتن گونجاوە؟**

- ئامێرە مۆسیقیەکان هەموویان دەتوانن گشت شێوازەکانی موزیك و گۆرانی بژەنن.

شارەزابوون لەسەر ئامێرێکی مۆسیقی بۆ هەموو مرۆڤێك گرنگە، بەتایبەت گۆرانیبێژ، بێگومان جۆری ئامێرەکە یارمەتی دەردەبێت بۆ هەڵبژاردنی شێوازی گۆرانی وتن هەروەها دەتوانی بەهەماهەنگی ئامێرەکە پرۆڤە لەسەر دەنگ و چینە دەنگە جیاوازەکان بکەیت.

بە شێوەیەکی گشتی شارەزایی لەسەر ئامێرێکی مۆسیقی زۆر گرنگە بۆ گۆرانیبێژ بە تایبەت ئامێری پیانۆ،، چونکە ئامێرێکە هەموو چینە دەنگییەکانی تێدا هەیە.

●●●

**زۆرجار بەرهەمێکی جوان و پوختی هونەری بە حەز و ئارەزوو هەڵدەسەنگێندرێت بەبێ ئەوەی مافی خۆی پێ بدرێت و هیچ شارەزاییەکیان لە هونەر و گۆرانی و مۆسیقادا هەبێت**

●●●

**ئێمە فێرنەبووین خزمەتی کەسێکی هونەرمەند بکەین بەڵکو تەنیا خزمەت بەو هونەرمەندانە دەکەین کە خۆیان ناسراون و دروست بوون**

●●●

# جیسیکا له بڕیارەکەی خۆی پاشگەز نابێتەوە



کچە ئەکتەری بەناوبانگی ئەمریکی جیسێکا ئەلبا کە بە یەکێك لە سەرنجڕاکێشترین کچە ئەکتەرەکانی هۆلیۆد ناسراوە، ئەوەی رەت کردەوە کە لە بڕیارەکەی خۆی پاشگەز بۆبێتەوە بەوەی کە چیتر لە فیلمەکان بە رووتی دەرنەکەوێت، جیسێکا رایگەیاند کە ئەوەی لە دەزگاکانی راگەیاندنی ئەمریکی بڵاوکراوەتەوە گوایە ئەو لە فیلمە نوێیەکەی کە بە ناوی ( A wake) بە رووتی دەردەکەوێت، جیسێکا گوتی : من سوورم لەسەر بڕیارەکەی خۆم و قەت واز لەم بڕیارە ناهێنم، جیسێکا هەروەها گوتی: رەنگە لە هەندێك دیمەنی ئیغرا و سەرنجڕاکێشدا دەربکەوم، بەڵام قەت رازی نابم بەبێ جلوبەرگ وێنەم بگیرێت، من ئەمەم یەکلاکردۆتەوە لەگەڵ خۆم و خانەوادەکەم لەو رۆژەوەش هەست بە ئارامی دەروونی دەکەم، بۆیە پێویست ناکات کەس دەربارەی ئەم مەسەلەیە پرسیارم لێبکات، جیسێکا پێشتر بڕیاری دابوو تا لە بواری سینەمادا کار بکات هیچی تر بەشداری لە هیچ فیلمێکدا نەکات ئەگەر پێویست بێت خۆی تێدا رووت بکاتەوە، جیسێکا دەربارەی ئەم بابەتە زیاتر گوتی: کاتێك رۆڵی کچە سەماکارێکم بینی لە فیلمی sin city دەرهێنەرانی فیلمەکە فرانك میلەر و رۆبێرت رۆدریگز داوایان لێکردم خۆم بە تەواوی رووت بکەمەوە، بەڵام من بە هیچ شێوەیەك رازی نەبوون و بە توندیش ئەمەم رەت کردەوە، رەنگە زۆر کەس پێیان وابێت من ئەکتەرێکی باش نەبم و حەز لە وروژاندن و خۆ رووت کردنەوە بکەم، بەڵام من خاوەن بیروباوەڕی جێگیری خۆمم و بە هیچ شێوەیەك ئەم بیروباوەڕەم ناگۆڕم .

# کاسرین: ئەوەی بێتە ماڵم دەبێ گۆرانی بڵێ

خانمە ئەکتەری بەریتانی کاسرین زیتا جۆنز کە ئێستا لەگەڵ مایکڵ دۆگلاسی هاوسەری و دوو کوڕەکەی لە بەرمۆدا دەژێ، گوتی: هەر کەسێك بێتە ماڵم ناچاری دەکەم گۆرانی بڵێت، چونکە گۆرانی گوتن زۆر پێویستە بۆ هەر کەسێك کە سەردانم دەکات، کاسرین هەروەها گوتی: من تاموچێژێکی زۆر لە شیکار کردنی وشەی یەکتر بڕ وەردەگرم کە هەموو رۆژانی پێنجشەممە لە رۆژنامەی نیۆیۆرك تایمزدا بڵاودەکرێنەوە و زۆر جاریش لەگەڵ مایکڵ دەچم بۆ راوکردنی ماسی



لە شیکاگۆ تا وای لێهاتووە من شارەزاییەکی زۆرم لە هەڵبژاردنی جۆری قولابەکانی راوکردنی ماسی پەیدا کردووە.

کاسرین بەم دواییە لە تۆکیۆ بەشداری لە هەڵمەتی پڕوپاگەندەی فیلمە نوێیەکەیدا کرد کە بەناوی ( هیچ شوێنێك نەگیراوە) لەم فیلمەدا کاسرین رۆڵی چێشتلێنەرێکی بە توانا و لێهاتوو دەبینی لە یەکێك لە چێشتخانەکانی نیۆیۆرك، شایەنی گوتنە لە ماڵی خۆیدا کاسرین تەنیا لە گەشتەکاندا چێشت ئامادە دەکات و بە هەموو شێوەیەك لەم کارە دوورە .